# اسس الدراما وانعكاسها على اشعار كوران

أ.م. سرود ولي اسماعيل
surood.weli@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية

**الملخص**

تسعى هذه الدراسة الى أن تسلط الضوء بشكل أكاديمي على تعريف الدراما بشكل عام والإتيان بآراء وتوجهات نقاد المجال الدرامي حول تعريف الدراما وأهم عناصره. ومن ثم قام بتوضيح تأثير الدراما وانعكاساته في قصائد الشاعر الكردي **(طؤران)**، إذ هو من الشعراء الذين لهم إلمام باللغات الأجنبية وقد ترجم عديدا من النصوص الأدبية والفكرية الى اللغة الكردية، ولاشك أن الدراما أحد تلك العناصر التي تحتل مساحة واسعة في أدبيات الشعوب الإنسانية المختلفة، لذا حاول الشاعر الكردي **(طؤران)** أن يولج هذا العنصر الى الأدب الكردي كعامل مؤثر.

**الكلمات المفتاحية :اسس، دراما، انعكاس، شعر.**

## The foundations of drama and its reflection on the poems of Curran

**A.P Surood weli Ismael**
**University of Baghdad Faculty of Education Ibn Rushd for Human Sciences**

**Abstract**

This study seeks to shed academic light on the definition of drama in general and to provide the opinions and trends of critics in the dramatic field regarding the definition of drama and its most important elements.

Then he explained the effect of drama and its reflections in the poems of the Kurdish poet (goran) , as he is one of the poets who has knowledge of foreign languages and has translated many literary and intellectual texts into the Kurdish language.

There is no doubt that drama is one of those elements that occpies a wide space in the literature of different human peoples. Therefore, the

Kurdish poet (goran) tried to introduce this element literature as an influential factor

**Keywords:foundations, drama, reflection, poetry .**

## بنەماكانى دراما و ڕەنگدانەوەیان لە شیعرى (گۆران)دا

**پ. ى. سروود وەلى ئیسماعیل**

**وزارەتى خوێندنى باڵاو توێنەوەى زانستى**

**زانكۆێ بەغدا**

**كۆلێژى پەروەردەى ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان**

**پوختەى توێژینەوەكە :**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەشێوەیەكى ئەكادیمى تیشك بخاتە سەر پێناسە و چەمكى دراما بەگشتیى و هێنانەوەى دید و بۆچوونى قاڵبووانى بوارى ڕەخنەى درامى لەمەڕ خودى دراما و ڕەگەزە پێكهێنەكانییەوە. دواتر كارى لەسەر كاریگەرى دراما كردووە و هەروەها ڕەنگدانەوەى ئەو ڕەگەزانە لەناو شیعرەكانى گۆراندا، بەو پێیەى گۆران یەكێك بووە لەو شاعیرانەى شارەزاى زمانى بێگانە بووە و چەندین دەقى لە ئەدەبییاتى ئەورووپییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانى كوردى، بێگومان دراماش یەكێكە لەو ڕەگەزە ئەدەبییانەى پانتاییەكى زۆرى لە ئەدەبیاتیى گەلاندا داگیر كردووە، بۆیە گۆرانیش هەوڵیداوە ئەو ڕەگەزە وەك فاكتەرێكى كاریگەر بهێنێتە نێو ئەدەبییاتى كوردییەوە.

**وشەكلیلەكان : بنەما، دراما، ڕەنگدانەوە ، شیعر.**

**پێشەكى**

ئەم لێكۆڵینەوەیە بریتییە لە هەوڵێك بۆ قسەكردن لەسەر هێڵە گشتییەكانى دراما و بنەما سەرەكییەكانى، و خستنە ڕووى كۆڵەكە بنەچەییەكانى.

سەرەتا لە پێناسەى دراماوە دەستمان پێكردووە و دواتریش چووینەتە نێو باسى شێواز و تەكنیكەكانى دراما و مۆنۆلۆگ و جۆرەكانى و تانوپۆكردنى ڕستبەستە جیاوازەكانى و چۆنێتى تێكەڵكردنى جەمسەرە سەرەكییەكانى. دواتریش شێوازى ڕەنگدانەوەى هەریەك لەم پێكهێنە درامییانە لە شیعرى گۆراندا، بەو پێیەكە گۆران لە چەند دەقێكیدا ئاراستەیەكى درامى پیادەكردووە و هەوڵیداوە هەندێ لەو بنەچانە بئاخنێتە نێو بیرۆكە قووڵەكانییەوە.

**ئامانجى توێژینەوەكە:**

بەگشتى ئامانجى ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ ناساندنى چرووپرى ڕەگەزەكانى دراما وەك ڕێگەیەكى ژیاریى گرنگ بۆ نزیككردنەوەى بیرۆكە لە هزر و تێگەیشتنى مرۆڤ، لە هەمان كاتدا شێوازى سوودوەرگرتن و ڕەنگدانەوەى ڕەگەزە درامییەكان لە شیعرەكانى گۆراندا.

**ڕێبازى لێكۆڵینەوەكە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاریی بەستووە، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی سەرجەم ئەو بیرۆکانەی لە دووتوێی شیعرەکاندان و بە ڕێگەی دراما گوزارشتیان لێکراوە.

**پرسیارگەلی لێکۆڵینەوەکە**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیار و فەزایانەی ناو بابەتەکە بداتەوە :**

- ڕادەی پەرچڤەبوونی ڕەگەزە دراميیەكان و وابەستەبوونيان بە دیاردە ژیارییەکانییانەوە.
- ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەگەزە دراميیانە لە شیعری گۆراندا.
- تا چ ئاستێك ئەو ڕەگەزە دراميیانە ڕۆڵیان هەبووە لەسەر ساناکردنەوە و گەیاندنی بیرۆکەکان؟
- ئایا گۆران توانیوێتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ڕەگەزانەوە مەبەستە شیعرییەکانی بپێکێ ؟

**پلانی لێکۆڵینەوەکە**

**لێکۆڵینەوەکە بەگشتی لەم پارانە پێك دێت :** پاری یەکەم، لە دوو وەچەپار پێك دێت، لە وەچەپاری یەکەمدا هەوڵمانداوە پێناسەی دراما بکەین، لەگەڵ تیشك خستنەسەر ڕەگەزەکانی، و هەروەها لە وەچەپاری دووەمدا باسمان لە شیعری درامی کردووە.

لە پاری دووەمدا هاتووینەتە سەر پراکتیك، و تیایدا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەگەزانەمان توژاندووە کە لە شیعری گۆراندا بوونیان هەیە، ئەوەش لە میانەی سێ وەچەپاردا :

**وەچەپاری یەکەم :** خۆ دواندن (مۆنۆلۆگ).

**وەچەپاری دووەم :** (دەمەتەقێی خود) موناجات (Soliloquy).

**وەچەپاری سێیەم :** دیالۆگی درامیی (Dramatic Dialogue).

**پاری یەکەم :** دراما، پێناسە و ڕەگەزەکانی، شیعری درامی

**وەچەپاری یەکەم :** پێناسەی دراما

پێشکەشکردنی چەمکێکی دیاریکراو بۆ دراما کارێکی ئاسان نییە، وەك سەرجەم زاراوە ئەدەبییەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی خودی خۆی دەکەوێتە بازنەی ئەبستراکت و بە مێژوودا درێژ دەبێتەوە، کۆنترین هونەرە قسەییەکانە کە مرۆڤ پەی پێبردووە، وشەی **(دراما)** لە زمانی یۆنانیدا ساناترین واتای بریتییە لە بزاوتن، جوڵەیەکی گێڕانەوەییە، جوڵەیەکە لاسایی ڕەفتارێکی مرۆیی دەکاتەوە و دەینوێنێ **(أسلن، ١٩٨٧: ١٥)**، فەرهەنگی زاراوە شانۆییەکان دەڵێت : "هەموو شتێکە کە وابەستەی شانۆ بێت;**(عبدالرحیم، ١٩٩٣: ٧٣)**، هەروەها **(کیر ئیلام)** لە پێناسەکردنیدا دەڵێت : "جۆرێکە لە خەیاڵی داڕێژراو بۆ نواندن، و لەسەر بنەمای سازانی درامی تایبەت بونیادنراوە; **(کیر ئیلام، د.س: ٧)**، هەروەها "بریتییە لە گوزارشتکردن لە گرژبوونێکی تووند کە لە هەڵنانی ڕووداوە کێبکڕکێکانەوە دروست دەبێت " **(موفو، ٢٠٠٧: ٢٨٤)**.

لەگەڵ ئەوەی دراما ئاماژە بۆ ئەو کارە ئەدەبییە دەکات کە ئامادە دەکرێت بۆئەوەی ئەکتەرەکان بینوێنن لەبەردەم تەماشاکەران، بەڵام توانستی ئەوەشی هەیە کە کاریگەری بەجێبهێڵێ و جوغزی خۆی بدات بەبێ ئەوەی نمایشبکرێ و بەبێ ئەکتەر، لەبەر ئەم هۆکارەیە کە بە ئەبستراکت ناوزەندکراوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە دەتوانێ خۆی لە چوارچێوەی کاری نادرامیشدا ببینێتەوە وەك شیعر و گێڕانەوە (بن تمیم، ٢٠٠٣: ٧)، " بەو پێیەیکە زمانێکە لە ڕێگەی شەپۆلە فۆنەتیکیی و سیمیائیەکانەوە ڕووداوی جوڵەئامێز دەخولقێنێ " **(فچل، ١٩٩٥: ٨٦).**

هەرچی ڕەگەزە سەرەکییەکانی درامایە کە پێویستە هەبن و کارلێك بکەن لە هەموو کارێکی درامیدا، ئەوا بریتییە لە : مرۆڤ، و ململانێ، و دژوارییەکانی ژیان **(اسماعیل، ١٩٧٨: ٢٨٤)**، ئەم ڕەگەزانە لە میانەی تەکنیکگەلێکی درامی دیاریکراوەوە دەستەبەر دەکرێن، وەك مۆنۆلۆگ و دیالۆگ و فرەدەنگیی و کۆرس و شتی دیکەوە.

**وەچەپاری دووەم** : شیعری درامی

شیعری درامیی لە کرۆکدا بریتییە لە بابەتێتیی، ئەمەش واتا شاعیر بەڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەست و سۆزی ناکات، وەك لە ڕستبەستی لیریکدا هەیە، بەڵکو خۆی لە هەڵوێستەکە دەکشێتەوە (با بەشێوەیەکی ڕووکاریش بێت)، و شوێنەکە بۆ کەسایەتیگەلێکی دیکە بەجێدەهێڵێت، دەکەونە دیالۆگ و ململانێ، ڕەنگە وێنای خۆی بەتەواوەتی لە شانۆکە داماڵێت، و بەتەواوەتی جەستە لە هۆش دەکاتەوە، و بەجۆرێك دەیخاتە ڕوو وەك ئەوەی بۆ کەسێکی دیکە بێت، هەندێجاریش شوێنەکە بەجێناهێڵێت، بەڵام وەك یەکێك لە کەسایەتییەکانی ناو شیعرەکە دەردەکەوێت، بەڵام بە تەنها نا، لەم بارەدا هەوڵ دەدات کە خۆی بشارێتەوە لە پشت فرە دەنگەکانەوە کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ نووسینێکی بابەتیی کە ئەویش گرنگترین جوداکەرەوەکانی گوتاری درامییە **(موفو، ٢٠٠٧: ٢٩٢).**

بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی (درامیی) بەشێوەیەکی ڕوونتر دەبێت جیاوازی نێوان شیعری درامی و شیعری لیریك بخەینە ڕوو، شیعری درامی ململانێی ویست و دردۆنگی ئەو هێزانەیە کە بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە، بەڵام شیعری لیریك هێزگەلێکی دەروونییە لەوپەڕی خاوبوونەوەیدا، یان دەتوانین بڵێین بریتییە لە گیان لە کاتی ڕادەستبوون و سەقامگیرییدا، بەڵام شیعری درامیی حاڵەتێکی بکەرگیرە کە هەڵگری داهاتووە، بۆیە زۆرجار شاعیر تێیدا ون دەبێت یان بەتەواوەتی دەکوژێتەوە، و ڕۆڵی خود دابەش دەبێت. لە شیعری لیریکدا بەپێچەوانەوە، ئامادەیی خود بەو پێیەی کە پرەنسیپی سەرەکییە، گرنگییەکی جیاوازی هەیە بە بەراوردکردنی بە ئامادەگیی لە شیعری لیریکدا، چونکە خودێتی چیتر نابێتە چەقی ناواخنی دەروونی شاعیر و تێڕامانی، لەبەرئەوەی شاعیر دابەش دەبێت بگرە بۆتە کەسایەتیگەلێك زیندوو لە کردە و پەرچەکردار، لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین : دراما بەهێزترە لە شاعیرییەت بۆ وێناکردنی دەروون لە وابەستەبوونی

بە تێکڕای مەرجی بوونی ژانیدا، چونکە دراما دەمانبات بەرەو کرۆکی ڕووداو و هەڵوێستەکەمان بۆ وێنا دەکات و دەیخاتە بەردەمان وەك ئەوەی هەنووکە و لێرەدا ڕوویدابێت، نەك تەنها بریتیی بێت لە هەڵچوونێك (سینیشینا یانوپا، ٢٠٠٩: ٢٩)، لە ڕاستیدا ڕەگەزی دراما لە شیعردا لەو توانستەیدا خۆی مەڵاسداوە کە دەتوانێ وامان لێبکات هەست بە ژیانێکی واقیعی بکەین، هەست بە هەنووکە بکەین، واتا سەرجەم شەقڵەکانی ساتێك لە ساتەکان، بەڵام دراما لە شیعردا لەجیاتی خەون، خەڵك دادەنێ (ت.س. الیوت، د.س: ١٤٧).

لێرەوە دراما بریتیی نییە لە پێکدادان یان بەریەککەوتن، بەڵکو بریتییە لە بکەرێتی بەریەککەوتن کە دەتوانێ پەیبەرێت بە سیمیا و هەستی تووڕە هاندەدات، دراما ئەو دژیەکە چالاك و بەئامانجەیە کە دەبێتە هۆی وروژاندنی هۆشی ناوەوە لە میانەی بەرجەستەکردنی لە کەسایەتی و دیالۆگدا (عجور، ٢٠١٠ : ٥٣).

**پاری دووەم** : ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری گۆراندا

**وەچەپاری یەکەم** : خۆ دواندن (مۆنۆلۆگ)

کۆنترین جۆرەکانی دەربڕینی ئەدەبییە کە نموونەی لە ئەدەبی گەلانی جیاوازدا هەیە (عجور، ٢٠١٠: ٥٣)، لە بنەچەدا مۆنۆلۆگ بریتییە لەوەیکە کەسێتییەك لەسەر ستەیجی شانۆ خۆی بدوێنێ، ئەمە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەیکە نووسەر بیرۆکە و هەست و ئاڵۆزییەکانی کەسێتییەکەی پێ جودا بکاتەوە (القاچی وێخرون، ٢٠١٠ : ٤٣٢).

دیدی ڕەخنەگر و توێژەران جیاوازە لەمەڕ ئەم زاراوەیەوە، بۆ نموونە همفری دەڵێت : "مۆنۆلۆگ ئەو تەکنیکە بەکارهاتووەیە لە چیرۆکدا، کە کرۆکی هزری کەسەکە دەخاتەڕوو، هەروەها سەرجەم کردە سایکۆلۆجییەکانی دیکەی، بەبێ باسکردنی لە قەوارەی هەمەکیی یان بەشەکیدا; (همفری، ١٩٨٤ : ١٥ ـ ١٦)، لە کاتێکدا (عزالدین ئیسماعیل) پێناسەیەکی گشتگیرتر و قووڵتر و نزیکتر لە دراما دەخاتەڕوو لەوەی پێشوو، ئەو وادەبینێ کە مۆنۆلۆگ بریتییە لە گفتوگۆیەکی ناواخنیی تاکگەرا کە هەردوو دەنگەکە هی یەك کەسە، یەکەمیان دەنگە دەرەکییەکە گشتییەکەیەتی، واتا ئەو دەنگەی ئاراستەی خەڵکی دەرەوەی دەکات، دەنگی دووەم بریتییە لەو دەنگە ناوەکییە تایبەتەی کە تەنها خۆی دەیبیستێ بەڵام جار جارە دێتە سەر ڕووی گۆ، ئەم دەنگە ناوەکییە هەموو شپرزەیی و بیرۆکە پاراڵێلەکانیمان بۆ دەردەخات ئەوەی لە خولگەی هەستیی دیاردا دەخولێتەوە، ئەم بیرۆکانە ڕەهەندێکی نوێ دەخەنە سەر بابەتەکە لەلایەك، و هاوئاهەنگی بزاوتە هزرییەکەشن لەلایەکی دیکەوە (اسماعیل، ١٩٧٨: ٢٩٤).

هەندێجار مۆنۆلۆگ بە مۆنۆلۆگی ناوەکی یان ناوەوە یان سەربەخۆ ناوزەند دەکرێ (القاچی وێخرون، ٢٠١٠: ٤٣٦)، بەو پێیەیکە گوتارێکی ڕاستەوخۆ و ناوەکییە، کە تیایدا ئەکتەر خۆی دەدوێنێ بەبێ ئەوەی گریمانەی بوونی گوێگرێك بکات وێرای ئەوەی هەست دەکەین کە

وەرگرێکی شاراوە هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم تەکنیکە تەکنیکێکی خودیی پەتییە، ئەگەر وابوایە ئەوا دەچووە بازنەی تەکنیکەکانی ڕستبەستی لیریکی، چونکە "لیریکی پەتی لە درامادا بریتییە لە گفتوگۆی ناوەکی، بەڵام بەردەوام ڕەگەزگەلێك لەخۆ دەگرێ کە لەڕێیەوە دەتوانێ پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە بکات، بگرە هەر خۆی گۆڕانکاریی لە بڕیاری پاڵەواندا وێنا دەکات، و هەروەها پەی بە پەشۆکان یان ویستە سەقامگیرەکەی دەبات، لە ڕاستیدا بەهای دیالۆگە ناوەکییەکان لە درامادا لە ڕادەی پەیوەستییەوە بە ململانێ یان کارەکەوە دەردەکەوێ " (یانوپا، ٢٠٠٩: ٢٩).

**لەوەی ڕابوورد دەتوانیت گرنگترین ئەو ڕەگەزانە دەستنیشان بکەین کە پێویستە لە مۆنۆلۆگدا هەبن لەم خاڵانەدا :**

١. قسەکەرێکی بنەڕەتی کە خۆی بە جێناوی قسەکەر ئاشکرا دەکات، هەروەك دەشێ کە ئەوی دیکەش بدوێنێ لە ناخی خۆیدا، و کارلێکێکی وتەیی خودیی بئافرێنێ.

٢. وەرگرێکی شاراوە (لە خەیاڵدا) کە هەست بەبوونی دەکەین لە ناو کارە ئەدەبی یان دراميیەکەدا.

٣. زمانێکی درامیی کە جیاوازە لە زمانی گفتوگۆ، کە جودا دەکرێتەوە بە سانایی و ئاسانی و خۆبەخۆیی.

٤. کارلێکێکی بەبڕسك و هاوسۆز لە نێوان قسەکەر و وەرگری شاراوە یان جەماوەر یان خودی خۆی.

٥. مەرج نییە کە ناوەرۆکی مۆنۆلۆگ لەگەڵ لۆجیکی ئەفلاتوونیدا بگونجێ، بەڵکو دەشێ دیدێکی خەیاڵی پەتیی بێت.

(گۆران) لە قەسیدەیەکدا بۆ ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دا دەڵێت :

دەنگێکی دوور
دوور ئیجگار دوور
بە ئاستەمێك ئەگاتە ژوور
ئەی دەنگی دوور
بە ئاستەمێك ئەگەیتە ژوور
ئاخۆ سپیت یان ڕەش یان سوور !
وەرە پێش
چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر
لە ڕێی گوێوە بڕژێرە گیان
زیندانم پڕکە لە کوڵ دان

زنجیری پێ
کپ بە ئاوی وەك لۆکەی گوێ
هەوای شڵەقاوی زیندان
بنو وەك بەرمەمکان ئەنوێ
با دەسترێژی ئەم دەنگەی دەر
گوڵی مانای گوێم بپێکێ
بەڵگو گرەی تینوێتی سەر
وەك تۆپ ناڵەی بێ و بتەقێ (دیوان، ٢٢٠)

ئەم قەسیدەیە مۆنۆلۆگێکی پڕ واتای وردە، کاتێك گۆران لە زیندانە وەی تروسکایەك شك نابات، و بەڵکو دەیەوێ لەگەڵ هەلومەرجی زیندان خۆی بگونجێنێ و ببێتە ڕەگەزێکی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەکانی گرتووخانەکەدا.. لەو کاتەدا شۆڕشی ١٤ی تەمووز دەئافرێ، ئیدی گۆران لە خۆشیدا و لەو شۆکەی تووشی لایەنی دەروونی بووە، هەوڵ دەدات بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا و مۆنۆلۆگ بکاتە چەکی دەستی بۆ ساناکردنەوەی بیستنی ئەو هەواڵە، ئەوەتانێ دەڵێت : ئەو دەنگە زۆر دوورە و بە ئاستەم دەگاتە ناو گرتووخانە (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٦/ ٦٤٣)، ڕاستە پرسیار دەکات کە باشە یان خراپ، ڕەشە یان سپی، بەڵام لایەنی سایکۆلۆجی پەشۆکاوی ڕێگەی نادات بیشارێتەوە کە نەسیمە و گۆران دەیەوێ ئاوی پەلکی گیانی بدات، چونکە دەمێکە ماندووە و دەیەوێ وەك منداڵی شیرەخۆرە بحەوێتەوە و ماندوێتی دەربکات، و بە یەکجاری گرەی تینوێتی سەری بشکێ چیتر نەهامەتی نەبینێتەوە و لە زیندان بێتە دەرێ.

**وەچەپاری دووەم : (دەمەتەقێی خود) موناجات (Soliloquy)** : لە بنەڕەتدا، وتارێکی درێژە کە ئەکتەرێکی دراما بەبێ پچڕان دەیخوێنێتەوە و بینەرەکان هەموو گویان لێیە، بۆ گوزارشتکردن لە قووڵترین هەست و بیرۆکە شاراوەکانی ئەکتەرەکە، یان بۆ شارەزابوونی بینەران لەمەڕ ڕاستیگەلێکی جەوهەریی کە پەیوەستە بە گرێچنی دراماکەوە (عبدالرحیم، ١٩٩٣: ٢١٦-٢١٧). موناجات جۆرێکە لە جۆرەکانی خۆدواندن بەشێوەی ڕاستەوخۆیی، هەموو موناجاتێك دەکرێ ببێتە مۆنۆلۆگ، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە (عجور، ٢٠١٠: ٦٩)، (همفری) بەم جۆرە پێناسەی دەکات : " تەکنیکێکە تایبەتە بە پێشکەشکردنی کرۆکی هزری ئەکتەرێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر بەبێ ئامادەگی دانەر، بەڵام دەبێت وادابنێیت کە جەماوەرێکی بێدەنگ ئامادەگییان هەیە، بۆیە ئەم تەکنیکە کەمترین خۆبەخۆیی تێدایە و زۆرترین سنوورگیریی لەخۆ دەگرێ سەبارەت بە قووڵیی ئەو هۆشەکییەی مۆنۆلۆگ دەیەوێ پێشکەشی بکات، چونکە لێرەدا هەردەم دیدگاکە بریتییە کە دیدێکی کاراکتەرەکە و ئاستی تێگەیشتنەکەش نزیکە لە ڕووکارەوە، بەڵام لە

لایەنی پراکتیکییەوە ئەوا نووسەر دەشێ مۆنۆلۆگ و موناجات لە یەك بەرهەمی ئەدەبیدا تێکەڵ بکات ; (همفری، ١٩٨٤: ٧١).

(گۆران) لە قەسیدەی (کوردستان)دا ئەم تەکنیکە بەجوانی پراکتیزە دەکات، چونکە جۆرێك لە بزاوت و دڵەڕاوکێی دەخاتە سەر کە ئەوانیش لە ئەنجامی تەریبێتی هەست و بیرۆکە و دردۆنگی دیدەکانەوە سەرچاوەدەگرێ لەلایەن خودی شاعیرەوە، زۆرجار دەیەوێ بگاتە خۆشنوودێکی دیاریکراو لە ڕێگەی گوزەرکردن بە یەکێك لە ڕووەکانی هەقیقەتە هەستییەکانەوە بۆ ڕوویەکی دیکە، ئەوەتانێ دەڵێت :

کوردستان ! جێگامی جێی هەزارساڵەم
پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەرلووتکە و یاڵەم
هەناسەم تێربوونی بای کوێستانتە
دوو لێوم پاراوی بەفراوانتە
سرنجم ڕاهاتووی زیوی زەرکەفتە
بە زەردەی سەر بەفری ئێوارە وەختە
گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵبەزە
لەو عاستەی ژوور بەفرە داوێن گیای سەوزە
زمانم پشکوتووی قسەی جوانتە
قسەی ناو گۆرانی شاخەکانتە
هی ناو چیرۆکی گوێ ئاگردانتە
هی ناو لایلایەی مناڵانتە
قوڵپی با خوێنی ناو دەمارەکانم
بە زەبری عشقی تۆ ئەیدا ئەزانم
عەشقی تۆ ئەی دایکی خۆم و هاوخوێنم
هەر لە پشتی باوکا چۆتە هەوێنم
ئەشچێتە هەوێنی کوڕ و کوڕەزا
تا تاقێ کورد مابێ لە چیای بەرزا (دیوان، ٩٧)

گۆران لەم قەسیدەیەدا کوردبوون و ئەنترۆپیای خۆی وا وێنا بکات، کە کوردە و موناجات لەگەڵ کوردستان دەکات و پێی دەڵێت کە تۆ مەنزڵگەمی و خۆم بە خۆڵ و خاکت گۆش کراوم و گوێم بە قەڵبەزەی تۆ و چاوم بە بینینی سروشتە ناوازەکەت و زەردە دڵبەرەکەت، هەروەها زمانم بە وشەی کوردی شیرین پژاوە، بونیی من بەڵگەیە لەسەر بوونی باپیرانم، و هەروەها بەڵگەشە لەسەر درێژەدان بەو ڕەوتە هەتا تاقێ کورد مابێ لە چیای بەرزا (جەعفەر، ٢٠٠٧: ٢٠٦).

**وەچەپاری سێیەم : دیالۆگی درامیی (Dramatic Dialogue)**

دیالۆگ ڕۆڵێکی پێشەنگ دەبینێت لە دامەزراندن و هەراشکردنی ڕستبەستی دراماداا، چونکە لە میانەی دیالۆگەوە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەردەکەوێت، بۆئەویکە ڕووکاری خۆی وەربگرێ لە گوتارێکی ئەدەبیدا بەهەموو خۆبەخۆییەکەوە بەبێ هیچ خۆنواندن و زۆرکردنێك، ئەگەر بونیادی درامی لە ڕێگەی کارلێکردنی ڕووداو و کاراکتەرەکانەوە گەشە بکات، ئەوا دیالۆگ ڕێچکەی ئەو کارلێکەیە، چونکە ئەو ئامرازەیە کە پەی بە کاراکتەرەکان دەبات و کاری دانەر (نووسەر) دەکات لە ڕۆمان و چیرۆکدا، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شیکردنەوەی هەڵوێستەکان، و پەیبردن بە ململانێی کاراکتەرەکان (مورفو، ٢٠٠٧ : ٢٩٥).

هەروەها دیالۆگ بە دیارترین ڕەگەز دادەنرێ لە شانۆدا، چونکە نووسەر دەیکاتە بەڵگە بۆ بیرۆکە نێوەندییەکەی، و کەسایەتییەکانی پێ دیاری دەکات، و ململانێکەی پێ بە ئاقارێکی لۆجیکیدا دەبات (خوری، ٢٠٠٨: ٧٠)، دیالۆگی درامی جیاوازە لە قسەی ئاسایی، چونکە هەڵگری سروشتی ململانێیە و هەروەها پاڵەوانەکان پەیوەست دەکات، بەردەوام بەدوای ئامانجێکی دیاریکراوەوەیە، شەقڵی دیاریشی ئەوەیە کە هەردەم دژی ئامانجی بەرانبەرەکەیەتی.

لەوەی ڕابوورد تێدەگەین کە دیالۆگی درامی لە گوتاری شیعریدا پویستە ڕەگەزەکانی دراما لەخۆ بگرێ، وەك ململانێ و ڕووداو و جووڵە، و جیاوازی کاراکتەر (دەنگ) و فرەیی.

شاعیرە نوێیەکان دیالۆگی درامی بەکاردێنن بە سەرجەم کۆڵەکە و سیما شانۆییەکانییەوە، بەجۆرێك کە بەتەواوی دووربکەوێتەوە لە خودێتیی لیریك، "چونکە شاعیر هەمان ڕێبازی شانۆنووس دەگرێتەبەر، و بەتەواوی لە کاراکتەرەکانی دیالۆگ جودا دەبێتەوە و وایان لێدەکات بە زمانی خۆیان بدوێن بەبێ زاڵکردنی بیری خۆی و سەپاندنی دیدی خۆی لەسەر کاراکتەرەکان، هەتا بونیادی ئەزموونی درامی بەشێوەیەکی بابەتیانە دێتەدی، نەك بەشێوەیەکی خودیی لیریکی، هەروەك لە قەسیدەی لیریکی تەقلیدیدا ڕوودەدات " (عجور، ٢٠١٠ : ٩٢).

(گۆران) لە قەسیدەی (کۆمیدیای دادگاکردنی مام چەوەنەر)دا بەجوانترین شێوە ئەم تەکنیکە درامییە بەرجەستە دەکات، کە دەبینین دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەخۆدەگرێ : " پەردە هەڵکشا و سالۆنی موحاکەمە بە دەستەی تەواوەوە کەوتە بەرچاو ;.

١- ناوت چییە ؟   مام چەوەنەر

لە کوێوە دێی ؟   لەدەشت و دەر

بەچی هاتی ؟   بە پشتی کەر

کێ هانیتی ؟   لالە ڕەنجدەر

چۆنی هانیت ؟   بەدەردی سەر

بۆ کێی هانیت ؟   ئاغای سێبەر

ئاغا چی وت ؟    ئیلا گێزەر
کەڵکی نەگرت    تکای ڕەنجدەر
بەر شەقیان ند    دەستەی نۆکەر
ئیلا گێزەر    ئیلا گێزەر.
٢- بڕیار
بەڵێ مادام لاله ڕەنجدەر
بۆی نەگونجا له چەوەندەر
باره گێزەر بێنێته دەر
وا دامان نا به تاوانکەر
یاڵڵا پۆلیس بیدەنه بەر
لەشی کوت کوت کەن به خەنجەر
"پەرده داکشا و ئیتر کەس نەیزانی
مام چەوەندەریش چی بەسەرهات " (دیوان، ٢٧٩)

ئەم دیالۆگه کورته، گۆران ساڵی ١٩٥٢ له سلێمانی نووسیوێتی، نموونەیەکه لەو جۆره شیعرانەی گۆران که له ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپا نووسیوێتی، ڕاسته دیالۆگەکه ڕووخسارێکی کۆمیدی هەیه، بەڵام هەڵگری جوغز و واتای بەرزه (جەعفەر، ٢٠٠٧، ٢٠٦)، شاعیر دەیەوێ لەم ڕێیەوه باسی چەوساندنەوەی ڕەنجدەر و چینی جووتیار بکات لەلایەن سیستمی دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمه، بەڵام دەبینین گێڕانەوەکه بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیه، واتا شاعیر نەبۆته بەشێك له کاراکتەرەکان بەڵکو بەتەواوی لێیان جودایه، و بیرۆکەکه پەنابردنه بۆ چەوەندەر بۆئەوەی ببێته کاراکتەری سەرەکی بۆ گەیاندنی مەبەسته شیعرییەکه.

هەروەها (گۆران) له شیعری (بووکێکی ناکام)دا، بۆ هەمان مەبەستی ئاغا و جووتیار، دەڵێت :
هەی سوار سوار بێ هەی تفەنگچی دەس باته تفەنگ
هەی ژنی جوان ئارایشی خۆی کا بۆ ئاهەنگ
لەژێر تارای سورمەچنا هەرەجوانی دێ
کچی جووتیار بەرەو کۆشکی ئاغا کەوته ڕێ
کۆشکی ئاغا گەچ کارییه ئاوێنه بەنده
کەس نازانێ به ژماره پەنجەرەی چەنده
حەوز و فوارەی حەوشی مەرمەڕ باغچەو چیمەنی
بەسەرناچێ هەرگیز سەوزی و گوڵی دەگمەنی
جوانی لادێی ڕووتی وەکو تەلی وەنەوشه

بە ئاوریشم و بە ئاڵتوونی ئەم کۆشك و حەوشە
لە تەوقی سەر تا بەری پێ پەرداخت و پۆشتە
سوار کراوە شۆخ و نازدار وەکو فریشتە
خراوەتە ڕێ بۆ پەردەی ئەتڵەس و گووروون
بۆ باغەڵی ئاغای پێش چاو بە چلچرا ڕوون
ئاغای خاوەن هێز و شکۆ خاوەن سامداری
لە کاتێکا درێژ ئەکا دەستی دڵداری
بۆ گەردنی گوڵی کێوی لەجێ هەڵکەنراو
نمی فرمێسك بەدی ئەکا لەسەر کلی چاو

ئەم قەسیدە درامییە چیرۆکێکی داستانئاسایە، کات و شوێن و قارەمانی تێدایە، ڕەنگدانەوەی لایەنێکی گرنگی ژیانی کوردەوارییە لە زەبروزەنگی درەبەگی ستەمکار بەرانبەر بە جوتیار و ڕەنجبەری بێدەرەتان. شاعیر لەم بەیتانەدا پەسنی ژن گواستنەوە دەکات بۆ ئاغا.

سوارچاکان تفەنگ بەشان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئاهەنگ، جوانترین کیژی کورد کچی جوتیارە. بووکی ڕازاوە بەرەو کۆشکی ئاغا بەڕێ کەوتووە، کۆشکی ئاغا باڵەخانەی ئاوێنە بەندە، هەموو ئەو شتانەیکە تێیدایە وەك باخی چیمەن و فوارەی ئاو و حەوز هەمووی شیاوی بووکە قەشەنگەکەیە، کە نوقمی خشڵ و زێڕ ومرواری و جلوبەرگی ئاوریشم نقوم بووە. ئەم بووکە نازدارە کەوتووەتە ڕێ بۆ لای ئاغا و ئەویش هەناسەی خۆشی هەڵدەکێشێ، ئەویش لەجیاتی خۆشی و شادی چاوی بە نمی فرمێسکی قەتیساو لەناو کلدا دەخاتەڕوو. بۆیە گۆران لەم خەمە درامییە بەردەوام دەبێت و دەڵێت :

مووچڕکەییك بەسەرتاپای لەشیا ئەگەڕێ
ئاگادارە فرمێسکی سۆز دێتە خوار بۆ کێ
کچی جووتیار بۆ بەهەشتی شین و دڵداری
لەگەڵ کوڕی شوان بەستبووی پەیمانی یاری
کوڕی شوانی برژاوی ئیش لەبەر هەتاو قاڵ
مەچەك ئەستوور لەش کەڵەگەت دەفەی ناوشان چاڵ
تیری خوای عەشق هەتا شاپەڕ دڵی سمی بوو
کچی جووتیار لەبەر چاوی بت بوو پەری بوو
ئەم نازدارەش بەشەو و ڕۆژ نەخشی خەیاڵی
کوڕی شوان بوو باڵای بەرزی ناوشانی چاڵی
ئیتر ڕێگای دارستان و ناوڕان ودێبەر

بوو بە شانۆی سەرگروشتەی دڵدار و دڵبەر
هەر بن دارە بن دەوەنە هەر بستە خاکە
ئاگاداری چەن بەندێك بوو لەم عەشقە پاکە (دیوان، ٧٢)

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە ئاغا بەجوانی فرمێسکی ناوچاوی بووك دەبینێ، یەکسەر مووچڕك بەلەشیدا دێت، چونکە دەزانێ ئەم فرمێسکە بۆ کێیە ؟ کە کچی جووتیار پەیمانی ئەوینداری لەگەڵ کوڕی شواندا بەستووە :

هەتا ڕۆژێ بۆ کڵۆڵی ئاغای شکۆدار
لەسەر ڕێی ڕاو کاسەیەك دۆی وەرگرت لەنازدار
گڕی لەشی دامردەوە بە دۆی سەرتەزێن
بەڵام کورەی دڵی کەوتە بەر بای باوەشێن
دەست و کاسە و پەنجەی دۆگێڕ نیگای چاوی ڕەش
هەستی ئاغای فڕێدایە ناو ئاگری گەش
پیاو ماقوڵی ڕاسپێری کرد تەدارەك سازبکرێ
زوو ئەم شۆخە نەرم و نۆڵەی بە بووك بۆ ببرێ (دیوان : ٧٢)

ڕۆژێك ئاغا لە ڕێگی ڕاو جامێك دۆ لە نازدار داوا دەکا، یەکسەر حەزی لێدەکا و پیاو ماقولان دەنێنرێتە خوازبێنی، بێگومان کوڕی شوانی دڵدار کەوتە بزاوت و سووتاندنی دەغڵ دان، و دونیای لەپێش چاوو تاریك بوو، هەتا دواجار دەڵێت :

تاکو دوایی ڕۆژێ بەختی نۆکەری ئاغا
خەوی لێخست لە سێبەری درەختی باغا
پەنجەی کینە لەسەر پیلکەی تفەنگ کەوتەکار
کۆستی دڵی بۆ ئێجگاریی کەوت کچی جوتیار

ئەم قەسیدە درامییە، بە تراجیدیا کۆتایی دێت، کوڕی جوتیار بە گوللەی نۆکەرانی ئاغا دەکوژرێت، بۆیە کچەکە لە خۆشی ژیان بێبەش دەبێت. بەهەمان شێوە گێڕانەوەی گشتیی ناو ئەم قەسیدەیە لە فەزای جووتیار و دەرەبەگدا دەخولێتەوە، ململانێی چینایەتی و دیالۆگی ناو قەسیدەکە گەواهی ڕاستیی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەن کە ساڵانێکی دوور و درێژ گەلی کورد بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی و ڕێگر بووە لە پێشکەوتن و گەشەکردنی، بۆیە گۆران هەوڵیداوە بەشێوەی دراما ئەو ڕاستییە تاڵە بخاتە ڕوو هەتا ئەوەی کۆمەڵگەی لێ وشیار بکاتەوە و بیانخاتە بەرەی دژ بەو دیاردانەوە.

**ئەنجام :**

لەدوای تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١. بەهۆی کاریگەربوونی شاعیری کورد (گۆران) بە ئەدەبیاتی جیهانیی و ئەوروپی، بۆیە هەوڵیداوە هەندێ لەو ڕەگەزە شیعرییانە بهێنێتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە، کە هەتا ئەو کاتە ڕەنگە شتێکی نامۆ بووبێت بە شیعری کوردی.

٢. گۆران هەوڵیداوە کار لەسەر مۆنۆلۆگ بکات بە ئاراستەی دەرخستنی ناخ و دەروون، واتا دڵشادی و غەمگینی بەرانبەر ڕوودانی کارەساتێك یان گۆڕانی کەشی سیاسیی و سیستمی دەسەڵات، لەو قەسیدەیەی کە بۆ چوارەدی تەمووز نووسیوێتی بەڕوونی دەیەوێ بڵێ : ئیتر کاتی حەوانەوەیە و دەمەوێ وەك منداڵی شیرەخۆر بحەوێمەوە و تەنها بیرم لای ئاوات بێت و هیچی تر، چونکە ئەم ڕژێمی کۆمارییە نوێیە ژیاندۆستە و ژیانی پێیە با هەمووان ماڵئاوایی لە مردن و زیندان بکەین.

٣. لە دیالۆگی مام چەوەندەردا زۆر بە جوانی هەوڵیداوە لەسەر زاری چەوەندەرێك ئازارێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بخاتە ڕوو، ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم قەسیدەیەدا دوو شتە :

- یەکەم : پەنابردن بۆ چەوەندەری بێگیان و بێ زمان بۆئەوەی گوزارشت لە خەمی جووتیارە بەدبەختەکەی بکات.

- دووەم : خستنەڕووی دیاردەیەکی چینایەتی کە ئەوکات هەرگیز ئاغا و دەرەبەگ نەیاندەهێشت جووتیان هەناسەی ئازادی هەڵمژن.

٤. لە کۆتا نموونەدا (بوکێکی ناکام)، گۆران دەیەوێ دیمەنێکی درامیی خەمناکمان پێشکەش بکات، کە بەهەمان شێوە کێشەی لە گۆڕنانی ئەوینی کوڕی جووتیار و کچێکی هەژارە، و لە کۆتایدا سەردەکێشێ بۆ لەناوبردنی کوڕە گەنجەکە. کەواتە دەتوانین بڵێین : گۆران زۆر کارتێکراو بووە بە مەسەلەی چینایەتی بۆیە لە زۆرێك لە قەسیدەکانیدا ئاماژەی بەو بارە خراپەداوە.

**سەرچاوکان**

**سەرچاوە کوردییەکان :**

١. جەعفەر (٢٠٠٧) : مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق، گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

٢. خەزنەدار (٢٠١٠): دکتور مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی ئاراس - هەولێر، چ١.

٣. گۆران (٢٠١٥) : عبداللە گۆران، چاپخانەی داڵاهۆ،

**سەرچاوە عەرەبییەکان :**

٤. اسماعيل (١٩٧٨): عزالدين، الشعر العربي المعاصر (قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية)، دار الفكر العربي، ط٣، د.م.

٥. أسلن (١٩٧٨) : مارتن، تشريح الدراما، ترجمة : أسامة منزلجي، دار الشروق، ط١، عمان ـ الأردن.

٦. بن تميم (٢٠٠٣): علي، السرد والظاهرة الدرامية (دراسة في التجليات الدرامية للسرد العربي القديم)، المركز الثقافي العربي، ط١، بيروت.

٧. خوري (٢٠٠٨): شكيب، الكتابة وآلية التحليل (مسرح ـ سينما. تلفزيون)، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، ط١، بيروت.

٨. عبدالرحيم (١٩٩٣) : سمير، معجم المصطلحات المسرحية، دار المأمون، ط١، بغداد.

٩. عجور (٢٠١٠) : محمد، التقنيات الدرامية في البناء الشعري المعاصر، دائرة الثقافة والاعلام في الشارقة، ط١، الامارات.

١٠. ف.أ.ماثيسن (١٩٦٥) : ت.س.اليوت الشاعر الناقد، ترجمة: إحسان عباس، مؤسسة فرانكلين.

١١. فضل (١٩٩٥) : صلاح، أساليب الشعرية المعاصرة، دار الآداب–بيروت، ط١.

١٢. موفو (٢٠٠٧): عفاف، الدلالة الإيحائية في الشعر العربي الحديث، دار الجيل، ط١، بيروت.

١٣. همفري (١٩٨٤): روبرت، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ترجمة : محمود الربيعي، مكتبة الشباب، القاهرة.

١٤. يانوثا (٢٠٠٩): سينيشينا، نظرية الدراما، ترجمة: نور الدين فارس، دار الشؤون الثقافية، ط١، بغداد.